# دیمەنی تاوانكاری توندوتیژی بەدوا دادێت

## "ئەگەر بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ تەلەڤزیۆن نەكرێت زیانی لە بۆمبی ناپاڵم زیاتر دەبێت"

بەپێی پرەنسیپەكانی كاری ڕۆژنامەوانی، ناكرێ كەناڵەكانی میدیا و بەتایبەت تەلەڤزیۆنەكان پەنا بەرنە بەر بڵاوكردنەوەی هەواڵ و وردەكاریی تاوانكاری. شارەزایانی بواری كۆمەڵایەتی و دەروونی لەم ڕووەوە بۆچوونی خۆیان هەیە.. لەو سۆنگەیەوە دەپرسین: ئاخۆ بڵاوكردنەوەی وردەكاری تاوانەكان، دیمەنی خوێنڕژان و مردن و كارەساتە سروشتی و مرۆییەكان، چی لای بینەر جێدەهێڵن و چ كاریگەرییەكیان لەسەر لایەنی سایكۆلۆژی بینەر لێدەكەوێتەوە؟ تۆ بڵێیت تاوانەكان ببنە عیبرەتو جێگای بەخۆداچوونەوەی مرۆڤەكان، یان تاوانی زیاتر و لاسایی كردنەوە بەدوای خۆیاندا دەهێنن؟ هەندێك جار ئەگەرچی لەڕوانگەی كاری ڕاگەیاندنەوە ئەو هەواڵانە گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام بەلای پسپۆڕانی بواری سایكۆلۆژیاو پەروەردە جێی هەڵوەستە لەسەر كردن و لێكدانەوەن، (كامەران مەجید ساڵح _ مامۆستای زانكۆ و پسپۆڕ لە بواری پەروەردەو دەروونزانی ) پێی وایە " ناكرێ ئەم بەرنامانە بە بەشێك لە چاكسازی كۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدەین لەبەر دوو هۆ، یەكەمیان ئەوەیە كە بە پرۆسەیەك دەڵێن چاكسازی، كە لەگەڵ خستنەڕووی كێشەو گرفتەكان، هەوڵیش بدات چارەسەری گونجاو بۆ كێشەكان بدۆزێتەوە، لەكاتێكدا لەو بەرنامانە ئەوە بوونی نییە، بەڵكو ئەوان تەنیا ڕووداوەكە دەخەنە ڕوو، هۆی دووەمیشیان ئەوەیە كە سەرەڕای بوونی لایەنی ئەرێنی لەو بەرنامانە، بەڵام لەهەمان كاتدا دەبنە هۆی دروست بوونی كێشەو گرفتی دەروونی و پەروەردەیی بۆ تاكەكان. بۆ نموونە كاتێك یەكێ هەواڵی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێك دەبینێت، كە لە ئەنجامی خێراییەوە بووە لەوانەیە هەوڵ بدات چی دی بە خێرایی ئۆتۆمبێل لێنەخوڕێت نەك تووشی هەمان حاڵەت ببێ، لەهەمانكاتیشدا كۆمەڵێك كەسی تر بەبینینی دیمەنی خوێن و لاشەی شوفێرە مردووەكەو سەرنشینەكانی تری ئۆتۆمبێلەكە باری دەروونیان تێك دەچێو تووشی حاڵەتی دەروونی سەیر دەبن، كە كاردانەوەی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان" ئەو پسپۆڕەی بواری پەروەردەو دەروونزانی بۆ پاڵپشتی قسەكانی چەند نموونەیەكی هێنایەوە و گوتی "خۆم چەندان ئافرەتم بینیوە كە لەو بەرنامانەدا دیمەنی كوشتن و خوێنی بینیوە دڵی تێكەڵهاتووە و خواردنی پێنەخوراوە، یان كەسی واهەبووە لە ئەنجامی بینینی ئەو دیمەنانەوە شەوان لە خەونەكانیدا شتی زۆر سەیری بینیوە و بەدەم خەوەوە هاواری كردووە و دەست و قاچی



**ئەگەر كاریگەریی بینینی دیمەنی تاوانكاری بۆ گەوران جارێك ترسناك بێت، بۆ منداڵان چەندان جار ترسناك ترە**

**كامەران مەجید ساڵح**

بە کەسانی چواردەوریدا کێشاوە، یان هی واهەبووە لە دوای بینینی ئەو دیمەنانە بۆتە کەسێکی گۆشەگیرو دوورەپەرێز و ترسنۆك، کە شەوان نەیتوانیوە گلۆپەکانی ژووری خەوتنەکەشی بکوژێنێتەوە، چونکە ترسێکی گەورە هەموو دەروونی گرتۆتەوە".

هەرچی (گۆران عەبدوڵلاّ)ی بەڕێوەبەری سایتی (دەنگەکان)ـە، کە سایتێکی کوردی سەر تۆڕی ئینتەرنێتە، لەم بارەیەوە وای دەبینێ، کە بەو پێیەی کەناڵەکانی میدیا و لە ناویاندا کەناڵی بینراو کاریگەریی راستەوخۆی بەسەر وەرگرەوە هەیەو ئەگەر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ بابەت و خستنەڕووی بابەتەکان نەکرێ، دوور نییە ڕەنگدانەوەی نەرێنی و ترسناکی بەسەر وەرگرەکانەوە هەبێت، ئەمەش وا دەکات هەمیشە کاراکتەرەکانی نێو دونیای راگەیاندن و بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری تەلەڤزیۆنیدا کار دەکەن دەرهاوێشتە و پێشهاتەکانی هەر دیمەن و گرتە و وێنەیەك لەبەرچاو بگرن، کە دەیخەنە سەر شاشە و بەر دیدەی بینەران و دەڵێ " میدیا کاریگەریی ڕاستەو خۆی هەیە لەسەر پەروەردەکردن و بە باوکردنی هەڵسوکەوت و کردارەکانی تاکی کۆمەڵگا، بەتایبەتی لەسەر نەوجەوانان و مندالاًن. پیشاندانی بێ پەردەی ڕوداوو کارە توندوتیژییەکانی کۆمەڵگا، کاریگەرییەکی نەگەتیڤانە جێدەهێڵێ لەسەر رەفتارو باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگا. بینین و پیشاندانی ئەو دیمەنانە هەستێك لای بینەر یاخود خوێنەر دروست دەکات، کە هەست بەوە بکات ئەو لە دونیایەکی زۆر نائارام و دڕندە ژیان بەسەر دەبات، هەروەها لە ڕووی دەرونییەوە دەیخاتە جێگایەکەوە، کە زۆر ڕەق و دوژمنکارانە مامەڵە لەگەڵ چوار دەورەکەی دا بکات و دەبێتە هۆی راهێنانی چاوو مێشکی کۆمەڵگا و بێدەربەستکردنیان لە بەرانبەر ژیانی یەکتردا و بە ئاسایی کردنەوەی ئەو دیمەنە توندو تیژیانە لە واقعی کۆمەڵگادا، وەك ئەوەی ئێستا لە کوردستان و عێراق دەگوزەرێ. بینین و زانینی وردەکارییەکانی کارێکی توندوتیژی تەنها کاری پۆلیسە نەك کۆمەڵگا. پیشاندانی وێنەی قوربانییەکی هەلا هەلاکراو لەسەر سکرینی تەلەڤزیۆنێکەوە بێت یا ڕووپەری رۆژنامەیەك، یا راگەیاندنی رێکخراوەیەکەوە بێت وەك زۆر جار دەبینرێ، ئەوە بەڵگەی شکستی زمانە لە گەیاندنی واقعێکدا، بۆیە خوێن ساردانە ئەو وێنانە دەخرێنە ڕوو.خستنە ڕووی ئەو دیمەنانەش نەبوونەتە عیبرەت نە دەشبن".

هاوکات (د.سەپان _ مامۆستای زانکۆ و پسپۆری بواری راگەیاندن) لەم رووەوە بەم جۆرە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەخاتە روو و دەبێژێ " دەبێ زۆر بەهەستیاری مامەڵە لەگەڵ تەلەڤزیۆن بکرێ، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر بەخراپە بەکاری بهێنین، لەوانەیە زیانی لە بۆمبی گەورەی ناپاڵم و کیمیاوی بۆ جەماوەر خراپتر بێت. مێژووی تەلەڤزیۆنی کوردی دیارە زۆر نییە، مێژووی ئازادیی ڕۆژنامەگەریش لە کوردستان زۆر نییە. ئێمە نازانین ئەو کەناڵە گرنگە بەکار بهێنین، چونکە زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی لە ڕاگەیاندن کار دەکەن خۆیان، خۆیان فێری ئەو پیشە نوێیە کردووە. ئەوان جگە لەوەی لەو پیشە نوێیە وەك کادری پێویست نازانن کار بکەن، لەزۆر بواری دیکەی کۆمەڵگاش وەك: دەروونی، کۆمەلاّیەتی، سیاسی...هتد زۆر شارەزانین. ئەوان نازانن سوود و زیانی ئەو بەرنامەیە، یان نیشاندانی ئەو دیمەنە چەندە، چونکە جارێ ئەو پێوەرە لە کوردستان نییە. لێرە زۆرجار لەنێوان ویژدان و یاساش نەك تەنیا ڕۆژنامەنووس، بەڵکو بەڕێوەبەریش لێی تێکەلاّو دەبێ. لە کوردستان هەموو شتێك ڕەوایە لە تەلەڤزیۆن پیشان بدرێ، چونکە یاسایەکی پوخت، یان ستاندەردی ڕاگەیاندن نییە، ڕاییکێشێتە بەردەم دادگا... کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن نە بەجیا و نە پێکەوە، تا ئێستا جاڕنامەی ئەخلاقی ڕاگەیاندنیان بۆخۆیان نەنووسیوە، بۆیە هەندێکجار لە نەزانین و جارەکانی دیکە بەناوی ئازادی، ئەوەی نابێ پیشان بدرێ پیشانی دەدەن... سانسۆر، یان کۆنتڕۆڵکردنی بەرنامە لە تەلەڤزیۆن بەمەبەستی باشی بەرنامە لە هەموو جیهان هەیە، بەلاّم لە کوردستان، زۆرجار ئەوەی کۆنتڕۆڵیش دەکات، لەوانەیە زۆر لەو کارەی خۆی پسپۆر نەبێ".

ئەو پسپۆرەی بواری راگەیاندن سەبارەت بەو باسە و چۆنییەتی و رێوشوێنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە بابەت و تەوەر و وێنانە،



**لە کوردستان هەموو شتێك ڕەوایە لە تەلەڤزیۆن پیشان بدرێ، چونکە یاسایەکی ستاندەردی ڕاگەیاندن نییە ڕاییکێشێتە بەردەم دادگا**

**د.سەپان**

# بینین و زانینی وردەکاریی کارێکی توندوتیژی، تەنها کاری پۆلیسە نەك کۆمەڵگا

گۆران عەبدوڵلا



کە بۆنی خوێن و مەرگیان لێ دێ و بێباکانە و بەناو و بیانووی جیاوە دەخرێنە بەردیدەی بینەر (بە جیاوازی تەمەنەکان)، ڕێنمایی ئەوە دەدات کە پێویستە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن دەبێ بە وردیو وریاییەوە بیر لەو کارە بکەنەوە و لە هەر هەنگاوێکی لەم چەشنە، جگە لە راوێژکردن بە شارەزایانی بواری دەروونی و کۆمەڵناسی و یاسا، هاوکات بۆ خۆیشیان بەشی ئەوە درك بە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو وێنە و دیمەنانە بکەن بۆ سەر سایکۆلۆژییەت و خەیاڵدانی بینەر و بەتایبەتی منداڵان و دەڵێ " لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بەهیچ شێوەیەك نابێ و ڕەوا نییە، هەموو شتێك نیشان بدرێ، بەتایبەتیش ئەو دیمەنانەی بەشێوەی خراپ، کار دەکەنە سەر باری دەروونی بینەر. ئینتەرڤیو وەرگرتن لە پیاوانی باندەکەی شێخ زانا بۆ ئەو نووسینەی ئێمە نموونەی زۆرباشە. ئەو دیمەنانەی ئەوان لە شاشەی تەلەڤزیۆن پیشانیاندا، بووە هۆی شێت بوونی دەیان ئافرەتی کورد و بریندارکردنی هەر هەموو بینەرانیش. دەیان هەزار کەس، جگە لەوەی زیندەخەوی دەبینی، نووستنیشی لێ گران بوو بوو، زۆریشی لەوان تووشی نەخۆشی دەروونی کرد، ئینجا کەناڵی پیشاندەری بەرنامەکان، نەیتوانی پەیامی خۆی بە جەماوەری کوردستان بگەیەنێ. ئەوان لەو پیشاندانە، دەیانویست ئیسلام و تیرۆر لەیەکتر نزیك بکەنەوە و هەوڵبدەن، نەیەڵن زیاتر منداڵ بۆ مزگەوت بەتەنها بچێت و باشتر باوك کۆنترۆڵی منداڵەکانی بکات، کەچی هیچ وا دەرنەچوو. دیمەنەکان زۆر بەهێز بوون، بەڵام وەك حەبی سەرئێشە بۆ یەکجار کەم کردنەوەی ژانەسەر بوون. بۆیە تەنیا بۆ ئەوەی بینەری زۆرتر سەیری بەرنامەکەمان بکات، نابێ واز لە ئەخلاقی پیشە بهێنین... نابێ چوونە پێشەوەمان و بەرزبوونەوەمان لەسەر فرمێسك و خوێنی خەڵك بێت... ئەخلاقی ڕاگەیاندن لە هیچ وڵاتێك ڕێگای پێنەداوە، دیمەنی خراپ و ترسناك، پارچەکانی لەشی مرۆڤ و خوێن لەنزیکەوە پیشانی بینەر بدرێ، نابێ ئێمەش لە کوردستان ڕێگای پێبدەین. باشترین ڕاگەیاندن و کەناڵی تەلەڤزیۆنیش لە هەموو جیهان، ئەو کەناڵەیە، کە ڕێزی بۆ خەڵکی خۆی هەیە و برینداریان ناکات".

دواجار (مامۆستا کامەران) سەبارەت بە ڕەنگدانەوە و کاریگەریی نەرێنی ئەو دیمەنانە لەسەر ساسیکۆلۆژییەت و ڕەفتار و خەیاڵدانی بینەران و بەتایبەتی منداڵان و هەروەها چۆنیەتی ڕێگرتن بەم دیاردەیە و مامەڵەکردنی زانستی و تەندروستانە لەگەڵ ئەو جۆرە باس و بابەت و دیمەن و وێنانە گوتی " منداڵ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە و هەوڵدەدات ئەوە بکاتەوە کە دەیبینێ، جا کاتێك دیمەنی هەڵواسین و سەربڕینی مرۆڤێك دەبینێت هەوڵدەدات لاسایی بکاتەوە، لەوانەیە بەچەقۆیەك بووکە شووشەکەی سەرببڕێ، یان لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ئەو دیمەنانە دووبارە بکاتەوە کە بینیویەتی، یاخود دەشێ لەپاشەڕۆژدا ئەم دیمەنانە ببنە بەشێك لە ڕەفتاری. بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ و ناگونجێ منداڵان ئەو دیمەنانە ببینن، چونکە ئەگەر کاریگەرییەکان بۆ گەوران جارێك ترسناك بێت، ئەوا بۆ منداڵان چەندان جار ترسناك ترە، هەرچەندە لە کاتی پەخش و نیشاندانی بەشێك لەو ڕووداوو کارەساتانە، لەسەر شاشە دەنووسرێ، نابێت ئەوانەی لە خوار تەمەنی 18ساڵیەوەن سەیریان بکەن، بەڵام بەتەنیا ئەو نووسینە بەس نییە بۆ ئەوەی منداڵان سەیری نەکەن. ئاگادارکردنەوە بەوەی کە نابێت منداڵان، یان ئەوانەی لە خوار 18ساڵیەوەن سەیری بکەن، هەموو شتێك نییە بۆ ئەوەی منالان سەیری نەکەن، بەڵکو دەبێت ئەو بەرنامانە لە کاتێکدا پیشان بدرێن، کە کاتەکەی درەنگ بێت و منداڵان خەوتبن، واتە دەبێت لە دوای 12ی شەوەوە پیشان بدرێن، بەو پێیەی زۆربەی منالان زوو دەخەون و ناتوانن تا درەنگ بە دیار تەلەڤیزیۆنەوە دابنیشن".

دواجار گۆران عەبدوڵلا زیاتر لەم بابەتە دەدوێ و تێڕوانینەکانی بەهێنانەوەی قسەیەکی (ڕۆوێل هوێسمان) لە کتێبی (خوێندنی پێشینە) دا، کە کتێبێکی لێکۆڵینەوەییە پشتڕاستدەکاتەوە " ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە لە تێکڕای ئەو پیاو و منداڵانەی تەماشاکەری بەرنامە توندوتیژییەکانی تەلەڤزیۆنن، ڕێژەی ڕەفتاری توندوتیژییان زۆر زیاترە لەو پیاو و منداڵانەی تەماشاکەری بەرنامە و پرۆگرامە ئاساییەکانی تەلەڤزیۆنن. هەروەها ئەو پیاوانەی کە تاوانێکیان ئەنجام داوە، یان لە تاوانی ترافیك و گۆڕانی ترافیکدا بەشدارن، بە سێ جار زیاترە لە کەسانی ئاسایی".